Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

# ڕۆڵی مامۆستایانی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان لەدیاردەی پیسبوونی دەروونی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی لەڕوانگەی خوێندکارانەوە

-م.مریم محمد ڕوستم :ڕێگەکانی وانەوتنەوەی جوگرافیا
مامۆستا لەبەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان-کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی-زانکۆیی سلێمانی-Mryam.rostam@univsul.edu.iq

**پوختەی توێژینەوەکە:**
ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە" ڕۆڵی مامۆستایانی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان لەدیاردەی پیسبوونی دەروونی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی لەڕوانگەی خوێندکارانەوە "،ڕێبازی بەکارهاتووی توێژینەوەکە لە شێوازی وەسفی شیکاریە ،کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی ڕەگەزی(نێر ومێ)،بەگشتی ژمارەیان(٢٢١٤)خوێندکاره ،بۆیە هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکە ، بە شێوەی هەرەمەکی سادە لە جۆری (قورعە )یەکە (٥٠)خوێندکاری ڕەگەزی(نێر ومێ) بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان دیاریکرد، ئامرازی توێژینەوەکە ئامادەکرا بەپشت بەستن بە توێژینەوەکانی پێشوو وسەرچاوەکانی دیاریکردنی کە ئامرازی (ڕاپرسی کراوە)، کەچوار تەوەرو(٣٠)بڕگەیە لەخۆدەگریت،ڕاستگۆی ئامرازەکە دۆزرایەوە بەخستنەبەردەستی ژمارەیەک پسپۆری شارەزا،دوای کۆکردنەوەی ڕاوبۆچوونەکان، بە ڕێژەی (85%)دەرچووەکە بە پەسەند دادەنرێت، دۆزینەوەی جێگیری ئامرازەکە توێژەر شێوازی دووبارە تاقیکردنەوەی بەکار هێنا،لە پاش بوونی ماوەی (15)ڕۆژ ئەنجامدانەوەی یەکەم جار، ئامرازەکەدووبارەکرایەوە بۆدووەم جار،دەرهێنانی ئەنجامەکان کۆکرانەوە ،بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پێرسۆن ، بەڕێژەی(95%)بوو کە بەگونجاودادەنرێت بۆجێ بەجێکردنی ،بەکۆمەڵێک ڕاسپاردەوپێشنیارکۆتایی بەتوێژینەوەکە هات.

**الملخص**
الهدف الرئيسي من هذه الدراسة هو "دور معلمي المواد الاجتماعية في ظاهرة التلوث النفسي والاجتماعي لدى طلاب كلية التربية الأساسية من وجهة نظر الطلاب"، وطريقة البحث المستخدمة وصفية تحليلية. يتكون مجتمع هذه الدراسة من طلاب كلية التربية الأساسية (ذكور وإناثات) في المجموع، ويبلغ عدد الطلاب 2214 طالبا، وبالتالي فإن اختيار عينة البحث عشوائي. تم تطوير أداة البحث بناء على الأبحاث السابقة ومصادر الاستطلاع والتي تضمنت أربعة موضوعات و30 مادة. تم العثور على صحة الأداة من خلال توفير عدد من الخبراء. بعد جمع الآراء تم اعتبار 85٪ من الخريجين معتمدين.أعيد اختباره بعد 15 يوما. وتكررت الأداة للمرة الثانية، وتم جمع النتائج باستخدام مجموعة بيرسون، بنسبة 95٪ التي اعتبرت مناسبة للتنفيذ، وانتهت الدراسة بمجموعة من المقترحات والتوصيات.

## بەشی یەکەم:
### ١.١.کێشەی توێژینەوەکە:
دروستبوونی مرۆڤ لەسەر سروشت وەک لاپەڕەیەکی سپیە پیس بووە بە کەڵەکەبوونی پیسکەرەکان تاک لە ڕێگەی بەدەستهێنانی ڕەفتاری نەرێنی یان پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتی و خێزانی لێکترازان و نائاساییەوەرگیراوە ،(حیدەر،٢٠١٢:لا٦٧).

پیسکەرەکان فشارێکی دەروونیین لەسەر تاک و کۆنترۆڵکردنیان قورسە .وەک پیسبوونی ژینگە کاریگەری لەسەر شێوەی هەڵسوکەوتی نەرێنی دەردەکەوێت کە ڕۆحی پاک لەناودەبات کە مرۆڤ لەسەری دروستکراوە(محمودومحمد،٢٠١٢:ل٣٤٧)، کە تێیدا چە ند توێژینەوە یە ک باس لە زانینی ئە و هۆکارە سە رە کییانە دە کرێت کە بوونە هۆی دیاردە ی پیسبوونی دە روونی کۆمەڵایەتی لە نێوان خوێندکاران دا کەژینگەی فێرکردن دا لەوانە بەکارهێنانی ئینتەرنێت بووەتە هۆی دروستبوونی کێشەی دەروونی و ئەکادیمی و تەندروستی و کەلتووری سەرەڕای بەڕاستی لە پلەی یەکی مەترسیدایە گەرێت وریگەو شێوازی جۆراوجۆرنەگیرێتەبەر بەمەبەستی کۆنترۆڵکردن بەشێوەیەکی ئەکادیمی ڕێگەپێدراو،وەک دەرەنجامەکانی توێژینەوەی (الفراحين،٢٠٢٠).دەردەکەوێت کەبەکێشەیەکی دیارە لەنێوتاکەکاندا‌پێویستەڕێگەی لەبڵاوبوونەوەی بگیرێت تاکوکاریگەری ئەرێنی زیاترنەکاتەسەر خوێندکاران.

بۆیە قۆناغی زانکۆ فێرکردنی خوێندکاران به قۆناغی هەرزاکاری دادنرێت کە توشی چەندین کێشەی ئابووری،سیاسی،ئاینی،کۆمەڵایەتی،ڕۆسنبیری،....جۆراوجۆردەبێتەوە. کاریگەری هەیە لەسەر لایەنی دەروونی وکۆمەڵایەتی لەناوەندەکانی فێرکردن بەگشتی وزانکۆ بەتایبەتی کەناتوانن لەوگۆرانکاریانەوبەها مرۆیانەتێبگەن کەڕوودەدات لەدەوروبەریاندا،بۆیەتوێژەر لەدوای گەڕان وخوێندنەوەی بۆئەم دیاردە بەربڵاوە ونەبوونی توێژینەوە لەسەرئەم بابەتە ئەم پرسیارەی لادروست بووە.

**زانینی ڕۆڵی مامۆستایانی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان لەدیاردەی پیسبوونی دەروونی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی لەڕوانگەی خوێندکارانەوە.؟**

**١.٢.گرنگی توێژینەوەکە**: پێدەچێت گرنگی هەبێت بۆ هەندێك شوێن و مەبەستی زانستی وەك:

١-سوودی لێوەردەگیرێت بۆ خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی، سەبارەت بە ئاشنابوونی دەروونی کۆمەڵایەتی خویندکاران.

٢ -سەرچاوەیەکی زانستیە بۆ کتێبخانەی کۆلێژکەبەزمانی کوردیە.

٣-دەکرێت سوودی هەبێت بۆ مامۆستایانی بابەتە کە سەبارەت بە تواناکانیان لە بواری وانەوتنەوەو لایەنی دەروونی کۆمەڵایەتی خویندکاران .

4-تیشک خستنە سەر دیاردەکە کە یەکێکە لە دیاردە مۆدێرنەکانی بواری سایکۆلۆژیا پەروەردەیی ودەروونی کۆمەڵایەتی ، کە پیسبوونی دەروونییە ، ئەو دیاردەیەی کە لە نێوان هەرزەکاران، و ڕەنگدانەوەی کاریگەریيان لەسەر سەرهەڵدانی هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان هەیە.

**١.٣ .ئامانجی توێژینەوەکە:** ئامانجی توێژینەوەکە بەم شێوەی خوارەوە خراوەتەڕوو:
زانینی ڕۆڵی مامۆستایانی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان لەدیاردەی پیسبوونی دەروونی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی لەڕوانگەی خوێندکارانەوە.

**١.٤. سنوری توێژینەوەکە:**

١-مرۆیی/ خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی.

٢- شوێن/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕتی .

3- بابەت/ زانینی دیاردەی پیسبوونی دەروونی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارارنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕتی دەستنیشانکردنی هۆکاروچارەسەرکردنیان

٤- کات/ساڵانی ئەنجامدانی توێژینەوەکە (2023-2024).

**5.1 . پێناسەی زاراوەکانی توێژینەوەکە:** زاراوەکان بە پێی توێینەوەکە بەم شێوەی خوارەوە یە:

**١.١.5.مامۆستا:**

( محمد،٢٠١١) مامۆستا پایەکە لە پایە گرنگەکانی سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن پێویستە لەزۆر لایەنەوە مامۆستا خاوەنی کەسایەتییەکی تەواوبێ زانایانی بواری پەروەردە ئاماژە بە زۆرێک لەو لایەنانە دەکەن پێویستە لە کەسایەتی مامۆستا هەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی و بە بێ کێشە سەرکەوتن لە پیشەکەیدا بەدەست بهێنێت ( محمد،٢٠١١: ١١)

بەلام( عبدسەلام ،٢٠٠٨ ) دەڵێت بریتیە لەو ڕێبەرەی کە بەردەوام دەبێتە ڕێنیشان دەرێک بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت لەناوەندێکی فێرکردندا فێربێت .(عبدسەلام ، ٢٠٠٨ :٣-٤)

**پێناسەی تیۆری مامۆستا:** مامۆستا پیشەیەکی گرنگە ، ، مامۆستا پەیامێک ئەگەیەنێت بە خوێندکاران و ئەرکی پەرووەردە کردن و فێرکردنی خوێندکارە.

**پێناسەی ڕێکاری مامۆستا:** مامۆستا کەسایەتیەکی دیاری پرۆسەی پەروەردەوفێرکردنە کە لەناوەندە کانی خوێندندا بۆجێ بەجێکردنی ئەرکی وانەوتنەوە لەژینگەی فێرکردندا.

**٢.١.5.پیسبوونی دەروونی کۆمەڵایەتی:** پێناسەی (مبارەک،٢٠١٠)پێی وایە ڕوودانی کەموکورییەک لەسیستەمی ژینگەی دەروونیدا بەهۆی فاکتەرەوە دەرەکیی دەبێتە هۆی ئاژاوەگێری و کاریگەری خراپ لە هاوسەنگی و گونجاندن لەگەڵ واقیعی خۆیدا و تێکەڵبوونی نێوان دەرکەوتەکانی ناوەرۆکی بیرکردنەوە و ڕەفتار.

(لزغیبی،٢٠١٨):دەڵێت پیسبوونی دەروونی دیاردەیەکی نێگەتیڤە کە لەو واقیعەی تێیدا دەژین دەبیینین کە بەهاکانی دەرخستووە لە ئەخلاق و ڕەفتارەکان کە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانیان لەسەر کۆمەڵگا و کەلەپووری کەلتووری ڕەنگداوەتەوە کە لە ئەنجامی ئەمە سەرهەڵدانی ئەو ڕەفتارانەیە کە لە کۆمەڵگادا نەناسراو بوون بەتایبەتی گەنجان .(الزغیبی،٢٠١٨:لا١٨) .

**پێناسەی تێۆری پیسبوونی دەروونی کۆمەڵایەتی:** توێژەر پشت بەپێناسەی(الزغیبی،٢٠١٨) دەبەستێت.

**پێناسەی ڕێکاری پیسبوونی دەروونی کۆمەڵایەتی:** حاڵەتێکی ناڕەزایی و شەڕانگێزییە کە دەبێتە هۆی لاوازی تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتیەلە نێو گروپەکاندا کاریگەری هەیەلەسەر ڕەفتار.

**٣.١.5.خوێندکاران:** (قەرەچەتانی،٢٠٠٨) یەکێکە لە گرنگترین ئەو فاکتەرانەی کە کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و فەرموو هەیە لەبەر ئەوەی جیاوازییەک زۆر لە نێوان کەسایەتی توانا و فێرخوازدا هەیە و ئاستی زیرەکی هەڵچوون و جەستەیان جیاوازە(قەرەچەتانی،٢٠٠٨: ١٢)

**پێناسەی تیۆری خوێندکار:** ئەو کەسەیە کە دەخوێنێت یان فێردەبێت پروانامە وەردەگرێت.

**پێناسەی ڕێکاری خوێندکار:**خوێندکارانی کۆلیجی پەروەردەی بنەرەتی:سەرجەم ئەوخوێندکارانە دەگرێتەوە کەلە قۆناغی چوارەم تەواودەکەن بەرەگەزی نێرومێ وەدەبنەمامۆستالەناوەندەکانی خوێندندا.

**بەشی دووەم: ١.٢ . چێوەی تێۆری**

**١٠١٠٢٠پیسبوونی دەروونی کۆمەڵایەتی:**

پیسبوونی دەروونی یەکێکە لە مەترسیدارترین جۆرەکانی پیسبوونی ژینگە و سەرەتاکەی مەترسیدارترە چونکە بۆتە واقیع و مەحاڵە بتوانرێت لێی ڕزگاری بین و ڕۆحەکان کۆنترۆڵ و لە بکرێت وڕۆح پیس دەکات .

ئاماژەکردنی (النواحە،٢٠١٧)پێی وایە پیسبوونی دەروونی کۆمەڵایەتی هەستێکی ناوەکیی کە تاک دەری دەبڕێت بەشێوەیەکی تووندی لەگەڵ دایە لە شێوەی بیرکردنەو،تێگەیشتن ورەفتاری دا دەردەکەوێت.(النوالحە،٢٠٢٧:ل٢٦٨). پیسبوونی دەروونی هۆکاری جۆراوجۆری هەیە و ڕەنگە ئەم هۆکارانە جیاواز بن لە قۆناغ بە قۆناغ و لەم هۆیانەوە دەبێت شەڕەکان کە لایەنی سایکۆلۆژییان هەیە ئەمە حاڵەتێکی قەیران پێکدەهێنێت کە کۆمەڵگا و تاکەکان پێوەی دەناڵێنن چونکە ئەمە حاڵەتێکی ناخۆشە دەبێتەهۆی گرژییەکی لەناکاو یان وردە وردە لەگەڵ لایەنە سۆزدارییەکان دروست دەکات کە لەوانەیە درێژە بکێشێت بۆنەخۆشیدرێش خایەن. بە گوێرەی بارودۆخی ژینگەکە، لەوانەیە حاڵەتی دیکەی لێبکەوێتەوە وەک (شەڕ و ئاژاوەومدووبەرەکی ...) و ئەم شتانە دەبنە هۆی حاڵەتی ئاژاوە و نەخوازراو کە ڕەنگدانەوەی لەسەر تاکەکان هەیە بە شێوەی فرە جۆر، وەک ناڕێکی ڕەفتار، ترس لە داهاتوو، بەتایبەتی لە حاڵەتەکانی کەچارەسەرکردنی قورسە. (الشمسی،٢٠١٠:ل٢١٦).

**٢٠١٠٢٠وێنە و شێوەکانی پیسبوونی دەروونی کۆمەڵایەتی:**

ڕۆحی مرۆڤ وەک ژینگە و سروشت پیس دەبێت و ڕۆح بە وزە و ڕەفتار پیس دەبێت کە گوزارشت لەو پیسبوونە دەکات کە کاریگەری لەسەر ڕۆح هەبووە وەک ئاماژەی پێکراوە هەندێک لەشێوەکان بەم شێوەیەی خوارەوە :

**٢.٠١٠٢٠١ نکۆڵی کردن و خراپ بەکارهێنانی ناسنامە** هەر مرۆڤێک ناسنامەی خۆی هەیە و لە نیشتیمانێکی جوان دەژی هاوتەمەنەکانی و بیرۆکە و بیروباوەڕ و مێژووەکانی کە لە یەکتری تر جیای دەکاتەوە و ئەمەش ناسنامەی کۆمەڵگا کە تێیدا دەژی ، ناسنامەی هەر نەتەوەیەک خەسڵەتەکانی ئەو کەسایەتییە کە جیای دەکاتەوە لە نەتەوەکانی دیکەی زمان و ئایین و مێژوو و هزر و بەرهەمهێنان و باوەڕ و داب و نەریت و ئەوانی تر و ئەمانە بە هەموو تایبەتمەندییە کولتووری و کۆمەلایەتییەکانەوە .

**٢.٠٢٠٢٠١ پەیوەست بوون بە دیاردەوشێوازی بیانی:** واتە خۆشەویستی و قبوولکردنی دیاردەوشێوازی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە خواردن، زمان و جلوبە ر گدا .نموونەی مۆدێلی بیانی پەیرەو دەکات و هەوڵ دەدات لە هەموو هەڵسوکەوت و هەست و میتۆدەکانیدا بیپارێزێت تێروانین و لێکدانەوەی گەنجان یەکێکە لە بەشە هەرە هەرە بەشەکانی کۆی کۆمەڵگاکانی کاریگەری کەلتووری بیانی بۆ ئەوەی گەنجان بەدوای چەندین ڕەفتاردا بگەڕێن کە پێچەوانەی داب و نەریتی جوانترین کۆمەڵگا بێت کە ئەو تێیدا دەژی (عبد الامیر، ٢٠١٢:ل ١٠٠).

**٢.٠٣٠٢٠١ نەبوونی هەست بە بەها، لەدەستدانی ئامانج:** بوونی ئامانج و مانای ژیانی تاک یارمەتی دەدات بۆ مانەوە و هەست بە مانای بوونی خۆی دەکات چونکە لەدەستدانی ئامانجم ئاماژەیە بۆ لێکترازانی تەواو و بەشی مرۆڤ کردارەکانی، ئاواتەکان و پێداویستییە تاکەکەسییەکانی بە ڕوونی لەگەڵ چالاکییە ناوخۆییەکاندا دەگونجێنێت.

**٢.٠٤٠٢٠١ نەبوونی هەست گونجاندن:** بە مانای تاکێک کە بە شێوەیەک هەڵسوکەوت دەکات کە چاوەڕوانی جوانتری هەیە بۆ ڕەگەزی بەرامبەری ئەو ڕۆڵە کۆمەلایەتییەی کەبۆ نموونە ئاماژەکردن بە کرداری پێچەوانەی جۆری وەک لەبەرکردنی جلوبەرگ یان ڕازاندنەوەی بەم وەسفکردنە وەسف دەکرێت لەڕەفتاری نیشان بدات .(حیدر ، 2012 100)

Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

**2٠2.توێژینەوەکانی پێشوو:** توێژینەوەکانی پێشووبەم شێوەی خوارەوە خراونەتەڕوو

خشتەی ژمارە (2- 1 ) توێژینەوەکانی پێشوو

| | ناوی توێژەر | ساڵ شوێن | کۆمەڵگە نموونەی توێژینەوە | ڕێبازی توێژینەوە | ئامرازەی توێژینەو | ئامرازە ئامارییەکان | دەرئەنجامی توێژینەوەکە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **کاریگە ری بە رنامە ی ڕاهێنان لە سە ر بنە مای زیرەکی ڕۆشنبیری بۆ کە مکردنە وە ی پیسبوونی دە روونی ماموٚستا پێش خزمە ت** | | | | | | | |
| ١ | الزيادات فاطمة محمود | ٢٠١٦ | (٦٠) نێرو مێ _ | ئەزموونی | ڕاپرسی پیسبوونی دەروونی زیرەکی | ڕێگەی الفاكرونياخ، (t.Test) | کاریگەر ئەرێنی هەبووەلەسەر گرووپی ئەزموونی |
| 2 | کاریگەری بەرنامەی ڕێنمایی پیسبوونی دەروونی لای خوێندکارانی هەرزاکارلەڕوانگەی خۆیانەوە | | | | | | |
| | غانم عبیر | | (٤٠) نێرومێ | | ڕاپرسی | | |
| | | | | | | | |

| | |
|---|---|
| ٢٠١٦ | پیسبوونی الفاكرونياخ کاریگەری هەبووە گرووپی ئەزموونی دەروونی ناوەندی ژمیرەی |
| **پیسبوونی دەروونی وپەیوەندی بەگونجاندنی کۆمەڵایەتی لای خوێندکارانی بەغداد.** | |

Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٣ | میره، امل کاظم | ٢٠١٤ بغداد | (٥٣٤٥٢) نێرو مێ _ (١٢٥) | وه سفی | ڕاپرسی پیسبووزی دەروون | ڕێگەی الفاكرونيا خ، (t.Test) | کاریگەر هەبووەلەسەر گروپی ئەزموونی . |

**٢.٣.سوود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو:**
١-سوود بینین لە ڕووی دارشتنی کێشەکە بەشێوەیەکی لۆجیکی.
٢-بۆداڕشتنی پێشەکی توێژینەوەکە بەشێوەیەکی لۆجیکی
٣-سوود وەرگرتن لەڕووی بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان
٤-بۆدۆزینەوەی ڕاستی ونەگۆری توێژینەوەکە.

## بەشی سێیەم: ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە

**.1.3 ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم بەشەدا وەسفی شیکاری هەریەکە لە کۆمەڵگە،نموونە،ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری ،دڵنیابوون لە ڕاستی ونەگۆری بەجێهێنانی بەسەر نموونەی توێژینەوەکە.

**.2.3 کۆمەڵگەی توێژینەوەکە:** کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتیەلە خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕتی لەهەشت بەش پێکهاتووە،بوگشتی ژمارەیان (**٢٢١٤**)خوێندکارە بەپێی ڕەگەزی نێرومێ هەروەک لەخشتەی ژمارە(٣-١)دا هاتووە.

خشتەی (1-3)
کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بە پێی ڕەگەزو قۆناغ خوێندکارانی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕتی

| بەش | ژمارەی خوێندکاران | | | | | | | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | قۆناغی ١ | | قۆناغی ٢ | | قۆناغی ٣ | | قۆناغی ٤ | | |
| | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | نێر | مێ | |
| بەشی زمانی ئینگلیزی | ٢٣ | ٧٩ | ٢٥ | ٧٥ | ١٩ | ٧٩ | ٣٦ | ٣٦ | ٣٦٢ |
| بەشی زانستی کومپیوتەر | ٣٨ | ٥٠ | ١٨ | ٢٤ | ٢٣ | ٢٠ | ١٩ | ٢٥ | ١٩٢ |
| بەشی زانستە بیرکاریەکان | ١٠ | ٧٧ | ١٤ | ٦٦ | ١٣ | ٥٧ | ٩ | ٤٢ | ٢٨٨ |
| بەشی زانستە | ٢٣ | ٤٢ | ٢٩ | ٦٢ | ١٧ | ٦٢ | ٢١ | ٦١ | ٣١٧ |

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

| کۆمەلایەتیەکان | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەشی باخچەی منداڵان | ٠ | ٨٨ | ٠ | ٧٤ | ٠ | ٥٩ | ٠ | ٥٧ | ٢٧٨ |
| بەشی پەروەردەی هونەری | ٤ | ٢١ | ٧ | ٢٧ | ٤ | ٣١ | ١٢ | ٢٥ | ١٣١ |
| بەشی زمانی کوردی | ١٤ | ٧١ | ١٨ | ٦٤ | ٢٨ | ٥٣ | ٢٤ | ٦٠ | ٣٣٢ |
| بەشی پەروەردەی تایبەت | ٨ | ٨١ | ١٥ | ٦٨ | ١٧ | ٥٩ | ٦ | ٦٠ | ٣١٤ |
| کۆی گشتی | ١٢٠ | ٥٠٩ | ١٢٦ | ٤٦٠ | ١٢١ | ٤٢٠ | ١١٧ | ٣٤١ | ٢٢١٤ |

**٣.٣.نموونەی توێژینەوەکە :** جۆری نموونەی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەی (هەرەمەکی سادە) بە ڕێگەی (قورعە) هەڵبژێردرا،بۆ بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی قۆناغی (چوارەم)لەهەردوو ڕەگەزی نێرومێ کە(٥٠)خوێندکارە،هەروەک لەخشتەی ژمارە(٣-٢)دا هاتووە.

خشتەی(2-3)

نموونەی توێژینەوەکە بە پێی ڕەگەزو ژمارەی خوێندکارانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان

| بەش | ژمارەی خوێندکاران | |
|---|---|---|
| | نێر | مێ |
| زانستە کۆمەڵایەتییەکان | 25 | 25 |
| | 50 | |

## ٤.٣. ئامرازی توێژینەوەکە:

توێژەرلە ڕێگەی خوێندنەوەی سەرچاوەکانەوەو سوودوەرگرتن لە توێژینەوەی(الزعيبی،٢٠١٧) هەستا بە ئامادەکردنی ڕاپرسییەک کە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەدا بگونجێت , لەچوارتەوەری سەرەکی وەک(1-تەوەری نکۆڵی کردن و خراپ بەکارهێنانی ناسنامەی کەلتووری و لەدەستدانی هەستی ئینتیما,2- نەبوونی هەست بە بەها و لەدەستدانی ئامانج و بیرۆکەی ئەرێنی،٣- پابەند نەبوون بە ستانداردە نەریتییەکانی ڕۆژئاوا و داکۆکیکردن لێی,٤- تووندوتیژی (ئاژاوەی) و(٣٠)بڕگەیە،وەڕەهەندەکانی وەڵامدانەوە سێ ڕەهەندە وەک (بەڵێ،تاڕادەیەک،نەخێر)بۆهەڵبژاردنی وەڵامەکانی بڕگەکان توێژینەوەکە ئامادەکراوە.

## ٣.٥. ڕاستێتی ئامرازەکە:

توێژەر ئامرازی ئامادەکراوی خستە بەردەستی ژمارەیەك پسپۆری شارەزا کە ژمارەیان (11) پسپۆر لە بوارە جیاوازەکانی ( ڕێگەکانی وانەوتنەوە و پێوانەو هەڵسەنگاندن، پسپۆری جوگرافیا، ، بۆ وەر گرتنی ڕو بۆچوونیان دەربارەی ئامرازی ئامادەکراو کە بە پلەی (بەڵێ،تاڕادەیەک،نەخێر) کە پێکهاتووە لە (4) تەوەری سەرەکی و(30)بڕگە،لە ڕووی گونجاوی ووردی و دروستی و زیادکردن یاخود لابردن یان گۆڕانکاری کردن بۆ هەر یەکێکیان پێشنیار دەکەن ڕاو بۆچوونیانی وەرگرت سەبارەت بە پێدانی ئاستی نواندنی ،پاش کۆکردنەوەی ڕاوبۆ چوونیان و لەلایەن توێژەرەوە دەسکرا بە شیکردنەوەی بە شیوەیەکی

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

پەسەند کراو مانەوە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە،کە بریتیە لە چوار تەوەری سەرەکی و (30)بڕگە.

**٦.٣. نەگۆڕی ئامرازەکە:** بۆ دەرهێنانی نەگۆڕی توێژینەوەکە شێوازی دووبارە جێبەجێکردنی ئامرازەکە جێ بەجێکرا بەسەر (25)خوێندکاری کۆمەڵگەی توێژینەوە بۆماوەی (15)ڕۆژ ئامرازەکە جێ بەجێکرایەوە بەسەر هەمان نموونەی پێشووی توێژینەوەکە واتا هەمان وەڵام لە دووبارە بوونەوەی دووەم دا. ڕێژەی نەگۆڕی لە نێوان جێبەجێکردنی(یەکە م ودووەم) نموونە دەرهێنرا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی پێرسون بەرێژەی (85%),ئەمەش واتا بڕگەکان بەشێوەیەك گونجاوی دەرخست بەمەبەستی ئەنجامدانی.

**7.3.جێبەجێکردنی ئامڕازەکە:**

لە پاش دڵنیابوون لە ڕاستگۆی ونەگۆڕی ئامرازەکە توێژەر هەستا بە جێ بە جێکردنی ئامرازی توێژینەوەکە بەسەر نموونەی توێژینەوەکە لەبەرواری(٢٠٢٣/٤) بۆیە توێژەر بۆ بە ئەنجامدانی توێژینەوەکە کە بە نزیکەی ماوەی مانگێك جی بەجێکراو پێدانی کاتی وەڵام دانەوە بۆ هەر خوێندکارێک ولەپاش وەڵامدانەوەی گەڕاندنەوەی فۆرمەکە، ، پاشان شیتەڵکردنیان بە پێی پێوەری دیاریکراو کە لە ڕاپرسیەکەدا دەست نیشان کراوە بەشێوەیەك کە(بەڵێ،تاڕادەیەک،نەخێر) بۆ ئاستی وەڵامدانەوەی خوێندکارو پێدانی نمرە بۆ هەر ئاستێک بەپێی هاوکێشەی ئاماری ناوەندی شیاو وکێشی سەدی دەرهێناوە بەرامبەربەوەڵامی خوێندکاران .

**٨.٣.ئامرازە ئامارییەکان:** توێژەر بۆ دەرهێنانی بڕگەکانی توێژینەوەو نەگۆڕی ئامراز ەکە .بەم ئامرازە ئامارییانەی خوارەوە دەبەستێت کەلەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەدا گونجاوە.

**1-هاوکێشەی پێرسۆن:**

$$ر = \frac{\text{ن مج س ص} - \text{مج س} \times \text{مج ص}}{\sqrt{\{\text{ن مج س}^2 - (\text{مج س})^2\}\{\text{ن مج ص}^2 - (\text{مج ص})^2\}}}$$

.ر = هاوکێشەی پێرسۆن
.ن = ژمارەی کەسەکان
.س = ئەنجامی جێبەجێکردنی یەکەم
.ص = ئەنجامی جێبەجێکردنی دووەم
مج = سەرجەم. (رشيد،2002،لا101 )

**2- ناوەندی شیاو (الوسط المرجح):** بۆ دەرهێنانی ناوەندی شیاو بۆ بڕگەکانی فۆرمی ڕاپرسییەکان و فۆرمی تێبینیکردنی توێژینەوەکە بەکارهاتووە:

$$\frac{(\text{ت}1 \times 3) + (\text{ت}2 \times 2) + (\text{ت}3 \times 1)}{\text{مج ت}}$$

ت = دووبارە (تکرار)
مج ت = سەرجەم دووبارەکان (صبري، 2006:لا 106)

**٤.١. خستنەڕووشیکردنەوەی ئەنجامەکان:**

Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

بۆ دەست نیشانکردن وتوانا فێرکارییە پێویستیەکانی خوێندکاران تایبەت بەپیسبوونی دەروونی کۆمەڵایەتی له ناوەندەکانی خوێندن و،پشت بە ستن بە ناوەندی شیاو(الوسط المرجح)دیاریکرا بۆ هەر تەوەرو بڕگەو بوارێك،پێویستی بە دەستنیشانکردنی ئەنجامدانی دەرخستنی ،پێوەرەکانی وەڵامدانەوە بە پلەی (بەڵێ،تاڕادەیەک،نەخێر) ،وەڵامدرایەوە هەروەك لەبەشی سێیەمی توێژینەوەکە دا ئاماژەی پێدراوە خستەرووی ئەنجامەکان بە شێوەی خشتە خراوەتە ڕوو:

**١.١.٤تەوەری یەکەم :**

خستنەرووی ئەنجامەکان تایبەت بەتەوەری یەکەم پێکهاتووە لە (7)بڕگە بە بەکارهێنانی ناوەندی شیاو بۆ هەر بڕگەیەك بەم شێوەی خوارەوە:

خشتەی(1-4)
تەوەری نکۆڵی کردن و خراپ بەکارهێنانی ناسنامەی کەلتووری و لەدەستدانی هەستی ئینتیما دەخاتەڕوو

| ژ | بڕگەکان | بەڵێ | تاڕادەیەک | نەخێر | گشتی | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .١ | مانای ئەوە نییە کە من لەگەڵ نەریت و دابونەریت بمێنمەوە. | 16 | 22 | 12 | 50 | 2,43 | 81 | 5 |
| .٢ | زۆر گرنگی بەوە نادەم کە لە وڵاتی قەیرانەکانمدا چی ڕوودەدات | 32 | 16 | 2 | 50 | 2,60 | 86,66 | 3 |
| .٣ | . من لەو باوەڕەدام کە بەرژەوەندی وڵات لەسەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی ترەوەیە | 24 | 23 | 3 | 50 | 2,43 | 81 | 5 |
| .٤ | من باوەڕم بە پەندەکانی فۆلکلۆری کۆن هەیە کە دژ بە | 39 | 11 | 0 | 50 | 2,78 | 92,66 | ١ |

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ستانداردی ڕەفتاری ئاسایی. | | | | | | | |
| .٥ | زۆر خەمبارم لە بارودۆخی نائاسایی. | 29 | 20 | 2 | 50 | 2,52 | 84 | 4 |
| .٦ | بە پێچەوانەی بەها و پرەنسیپەکان هەڵسوکەوت دەکەم کە لەسەر پەروەردە بووم. | 23 | 27 | 1 | 50 | 2,43 | 81 | 5 |
| .٧ | ئینتیما بۆ نیشتمان و دڵسۆزی بۆ سەرکردایەتیەکەی تەنها کۆمەڵێکە کە لەلایەن سوودەوە بەڕێوە دەبرێت. | 16 | 24 | 10 | 50 | 2,13 | 71 | 13 |

شیکردنەوەی تەوەری یەکەمی خشتەی ژمارە(4-1) :
پرگەی (4) ی ناوەندە شیاوی (2,78) وەکێشی سەدی (92,66)بەپلەبەندی یەکەم,تایبەت بە پیسبوونی دەروونی کۆمەڵایەتی باوەڕم بە پەندەکانی فۆلکلۆری کۆن هەیە کە دژ بە ستانداردی ڕەفتاری ئاسایی. پرگەی (2) بەناوەندە شیاوی (2,60) وەکێشی سەدی(86,66) بەپلەبەندی دووەم کەمی گرنگی بەوە نادەم کە لە وڵاتی قەیرانەکانمدا چی ڕوودەدات دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بودجەیەکی دیاری کراو نیە. پرگەی (5) شیاوی(2,52) وەکێشی سەدی (84) بەپلەبەندی سێیەم کە زۆر خەمبارم لە بارودۆخی نائاسایی گرنگی بەلایەنی دەروونی کۆمەڵایەتی نادەن بەهۆی تێکەڵاونەبوونی تاکەکەنی کۆمەڵگە.هەروەها پرگەکانی (١-٣-٦)بەناوەندی شیاوی(٢،٤٣)وە کێشی سەدی (٨١)، بەپلەبەندی چوارەم، بەهاوبەرژەوەندی بۆبەهاوئینتیمای دەروونی کۆمەڵایەتی لاوازە.
پرگەی (7) بەناوەندە شیاوی (2,13) وەکێشی سەدی(71) بەپلەبەندی پێنجەم هەستی بۆسەرکردایەتی ودڵسۆزی نیشتمان تاڕادەیەک کەمە،بەهۆی نەبوونی خزمەتکردنیەوە.
2.1.4.تەوەری دووەم خستنەرووی ئەنجامەکان تایبەت بەتەوەری دووەم پێکهاتووە لە (٦)پرگە بە بەکارهێنانی ناوەندی شیاو بۆ هەر پرگەیەك بەم شێوەی خوارەوە:

خشتەی(4- 2)
نەبوونی هەست بە بەها و لەدەستدانی ئامانج و بیرۆکەی ئەرێنی دەخاتەڕوو:

| ژ | پرگەکان | بەڵێ | تاڕادەیەک | نەخێر | گشتی | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨. | هەست بە نائومێدی و بێیارمەتی دەکەم. | 19 | 27 | 4 | 50 | 2,31 | 77 | 10 |
| .٩ | هەست دەکەم ناتوانم بارگرانی ژیان هەڵبگرم و ڕووبەڕووی گرفت ببمەوە. | 20 | 28 | 2 | 50 | 2,43 | 81 | 7 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .١٠ | بە زەحمەت دەزانم کێشەکەم ڕاستەوخۆ و خۆگونجاندنانە چارەسەر بکەم. | 23 | 25 | 2 | 50 | 2,43 | 81 | 7 |
| .١١ | هەست بە نائومێدی و نائومێدی دەکەم لە هەموو شتێک دا. | 20 | 26 | 4 | 50 | 2,33 | 77,66 | 9 |
| .١٢ | من بەردەوام هەستی خەمۆکی کۆنترۆڵ دەکەم و هەست بە کەمیی متمانە بەخۆبوون دەکەم | 6 | 24 | 20 | 50 | 1,74 | 58 | 20 |
| .١٣ | هەست دەکەم لەم ژیانەدا بەدبەخت نیم . | 7 | 17 | 26 | 50 | 2,43 | 81 | 7 |

شیکردنەوەی تەوەری دووەمی خشتەی(4-2)دا:
پرگەی (11) بەناوەندە شیاوی(2,33) وەکێشی سەدی (77,66) بەپلەبەندی نۆیەم خوێندکار بۆدەرپرینی هەندێك هەست بە نائومێدی پیسبوونی دەروونیە،هەروەها پرگەی (8) بەناوەندە شیاوی(2,31) وەکێشی سەدی (77) بەپلەبەندی دەیەم خوێندکار بۆدەرپرینی ڕەفتاری لەسەر دیوارو کەل و پەلی قوتابخان شت دەنوسێت هەست بەنائومێدی دەکات،وە پرگەی (12) بەناوەندە شیاوی(1,74) وەکێشی سەدی(58) بەپلەبەندی(20) لەئەنجامدا گەشتینە ئەوەی کەمی متمانەی پیسبوونی دەروونی بۆدروست دەبیت،هەریەک لە پرگەکانی (٩-١٠-١٣)یەک ناوەندی شیاویان هەیەکە(٢،٤٣)وەکێشی سەدی(81)بەپلەی حەوتەم بۆپیسبوونی دەروونی لەژیانداکەمە وەهەستەکانی دەردەبڕێت.
٤.١.٣.تەوەری سێیەم: خستنەرووی ئەنجامەکان تایبەت بە تەوەری سێیەم پێکهاتووە لە( 11) پرگە بە بەکارهێنانی ناوەندی شیاو بۆ هەر پرگەیەك بەم شێوەی خوارەوە:

خشتەی(4-٣)
تەوەری پابەند نەبوون بە ستاندارد نەریتییەکانی ڕۆژئاوا و داکۆکیکردن لێی دەخاتەڕوو

| ژ | پرگەکان | بەڵێ | تاڕادەیەک | نەخێر | گشتی | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .١٤ | پێویستمان بە ماوەیەکی زۆر هەیە بۆ بەشداریکردن لە پێشکەوتنی زانستی لە وڵاتانی دەرەوە | 20 | 21 | 9 | 50 | 2,39 | 79,66 | 7 |
| .١٥ | دادپەروەری دیموکراسی و یەکسانی تەنها لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دۆزرایەوە | 22 | 26 | 2 | 50 | 2,41 | 8,33 | 6 |
| .١٦ | پێم باشترە لە دەرەوەی وڵات | 11 | 30 | 9 | 50 | 2,0 | 68,3 | 16 |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بژیم و ڕەگەزنامەی بیانی وەربگرم | | | | | 5 | 3 | |
| ١٧. | من حەز دەکەم هەندێک وشەی بیانی بەکار بهێنم لەکاتی قسەکردن. | 43 | 6 | 1 | 50 | 2,84 | 94,66 | 1 |
| ١٨. | خەونم ئەوە بوو کە لە زانکۆکانی بیانی بخوێنم. | 25 | 20 | 5 | 50 | 2,41 | 80,33 | 6 |
| ١٩. | من ڕێز لە بێگانەکان دەگرم لە میهرەبانی و بایەخدانیان . | 22 | 25 | 3 | 50 | 2,39 | 79,66 | 7 |
| ٢٠. | دڵنیا دەبمەوە کە سەیری یارییەکان و زنجیرە بیانییەکان دەکەم. | 21 | 25 | 4 | 50 | 2,84 | 94,66 | 1 |
| ٢١. | هیوادارم دیاردەکانی ڕۆژئاوا ببینم لە دەوروبەرمدا. | 21 | 23 | 6 | 50 | 2,31 | 77 | 10 |
| ٢٢. | سروشتی ژیان لە کۆمەڵگاکانی ڕۆژئاوادا چێژبەخش و بەهای مرۆییە. | 10 | 21 | 19 | 50 | 2,84 | 94,66 | 1 |
| ٢٣. | شارستانی ڕۆژئاوایی پێشکەوتورینە. | 9 | 37 | 4 | 50 | 2,39 | 79,66 | 7 |
| ٢٤. | بەهایی کۆمەڵایەتیان بەشێوەیەکی پێشکەوتووە. | 3 | 31 | 16 | 50 | 2,84 | 94,66 | 1 |

شیکردنەوەی تەوەری سێیەمی خشتەی(4-٣)دا
بڕگەی (15) بەناوەندە شیاوی(2,41) وەکێشی سەدی (80,33) بەپلە بەندی شەشەم کەمی پاڵنەری قوتابیان لەم قۆناغەدا لەکۆمەڵگەی ڕۆژئاواتێبگەن.
بڕگەی(16) بەناوەندەشیاوی(2,05) وەکێشی سەدی (68,33) بەپلەبەندی شازدە لەئەنجامدا گەیشتینە ئەوەی کە کەمترخەمی خوێندکار بۆ فێربون هۆکارە بۆ لاوازی خوێندکار کەپیسبوونی دەروونی بۆکۆمەڵگەی دەوروبەری،
بڕگەی (17-20-22-24) بەناوەندە شیاوی(2.84) وەکێشی سەدی ( 94,66) بەپلەبەندی (یەکەم) کاتێ قوتابی دەگاتە قۆناغی هەرزەکاری هەست بەسەربەخۆبونێکی تەواو دەکات لە ڕووی جەستەو دەروونەوە ئەمەش ئاستەنگ بۆ مامۆستایان دروست دەکات.
بڕگەی (18) بەناوەندە شیاوی(2.41) وەکێشی سەدی (80,33) بەپلەبەندی شەشەم کەمترخەمی خوێندکاران لەجێبەجێنەکردنی ئەرکی ماڵەوە هاوکاری نەکردنیان و لێنەپرسینەوەیان.
بڕگەی (14-19-23) بەناوەندە شیاوی(2,39) وەکێشی سەدی (79,66) بەپلەبەندی حەوتەم گرنگە لەکاتی وانە وتنەوەدا مامۆستا زۆر ئاگاداری پچڕانی سەرنجی خوێندکاربێت هەمو کاتەکەی بە شرحکردن تەواونەکرێت گرنگی زیاتربدرێت بەلایەنی شارستای وتێکەڵاوبوونی وڵاتانی ڕۆژئاوا.بڕگەی (21) بەناوەندە شیاوی(2,31) وەکێشی سەدی (77) بەپلەبەندی دەیەم خوێندکار بۆدەربڕینی هەندێك هەست و ڕەفتاری لەسەر دیوارو کەک و پەلی قوتابخان ئامێری تەکنەلۆجیابۆپشاندانی

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

دیاردەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواوسوودوەرگرتن لێی.
٤.١.٤.تەوەری چوارەم: خستنەرووی ئەنجامەکان تایبەت تەوەری چوارەم پێکهاتووە لە (6)بڕگە بە بەکارهێنانی ناوەندی شیاو بۆ هەر بڕگەیەك بەم شێوەی خوارەوە:

خشتەی(4-4)
تەوەری توندوتیژی (ئاژاوەی) دەخاتەڕوو:

| ژ | بڕگەکان | بەڵێ | تارادەیەک | نەخێر | گشتی | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| .٢٥ | مامەڵە لەگەڵ کەسانی تر بکە بە توندی و توند و بێباکی بۆ دروستکردنی کێشەکان. | 5 | 32 | 13 | 50 | 1,86 | 62 | 17 |
| .٢٦ | من بە زەحمەت بیروڕای ئەوانی تر قبوڵ دەکەم. | 9 | 24 | 17 | 50 | 1,86 | 62 | 17 |
| .٢٧ | من سوورم لەسەر ئەوەی گوێڕایەڵی هاوڕێکانم بم و شەڕ لەگەڵ ئەوانە بکەم کە ناکۆکن لەگەڵمدا. | 11 | 14 | 25 | 50 | 1,74 | 58 | 20 |
| .٢٨ | من کەسێکی نارێک و سەرپێم لەگەڵ زۆربەی کارەکانم | 6 | 29 | 15 | 50 | 1,84 | 61,33 | 18 |
| .٢٩ | وای دانا کە ڕاستگۆیی و ڕاستگۆیی بابەتی سووکایەتی و گاڵتەجاڕین. | 7 | 26 | 17 | 50 | 1,74 | 58 | 20 |
| .٣٠ | من پێموایە ئەو کەسەی پابەند بێت بە یاسا و ڕێنماییەکان بە گێل دادەنرێت | 17 | 28 | 5 | 50 | 1,74 | 58 | 20 |

**شیکردنەوەی تەوەری چوارەمی خشتەی(4-٤)دا:**
بڕگەی(25) بەناوەندە شیاوی(1,86) وەکێشی سەدی (62) بەپلەبەندی حەظدە نەبونی ئاڵو گۆڕی زانستی لەنێوان مامۆستایانی بنەڕەتی ئەمەش دەبێتە ئاستەنگ لەنێوان خوێندکارومامۆستایانی لەم قۆناغەدا کەهاندانیان بەشێوەیەک بێت بگونجێن لەگەڵ دەووروبەردا. بڕگەی(26) بەناوەندە شیاوی(1,86) وەکێشی سەدی(62) بەپلەبەندی (حەڤدەیەم) لەئەنجامدا گەشتینە ئەوەی کە ئاڵو گۆڕو زانیاری زانستی لەنێوان مامۆستایانی ئەم قۆناغەدا زۆر کەمە لەڕووی لایەنی دەرونی کۆمەڵایەتیەوەپێویستی بەتێکەڵاوبوونی زیاترە.

بڕگەی(27-29-30) ناوەندە شیاوی(1,74) وەکێشی سەدی(85) بەپلەبەندی بیستەم باس نە کردنی یاساورێنماییەکان لەلایەن مامۆستا پیسبوونی دەروونی دروست ئەکات لە نێوان قوتابیاندا . گەیشتونەتە ئەوەی کە پەیوەندی نێوان مامۆستایانی ئەم قۆناغە وەك پێویست نیە.

بڕگەی (28) بەناوەندە شیاوی( 1,84) وەکێشی سەدی(61,33) بەپلەبەندی هەژدە لەئەنجامدا گەشتینە ئەوەی کەدەروونی کۆمەڵایەتی خۆم ڕێک ناخەم تێکەڵبوونی خێزانی و کۆمەلآیەتی کێشە بۆ مامۆستا ودەوروبەردروست دەکات.

**بەشی پێنجەم:**

1.5.دەرئەنجامەکان: لەدەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە:

١.تا ئێستا نەگەیشتووەتە قۆناغێکی پێگەیشتن کە بتوانێت خۆی کێشەکانی چارەسەر بکات تایبەت بە پیسبوونی دەروونی کۆمەڵایەتی.

2.ئاستی پیسبوونی دەروونی کۆمەڵایەتی لای خوێندکاران لە ئاستێکی نزمە.

**٢.5.ڕاسپاردەکان:**

1.ئامادەکردنی بەرنامەوپرۆگرامی تایبەت بە بوارەکانی پیسبوونی دەروونی کۆمەڵایەتی بەمەبەستی هوشیارکردنەوەی زیاتری خوێندکاران تایبەت بەم دیاردەیە.

2 .گرنگی دانی زیاتربەڕێنمایکردنی خوێندکاران تایبەت بە پیسبوونی دەروونی کۆمەڵایەتی .

3.پەروەردەکردنی قوتابیان بە بەها پۆزەتیڤەکان و دوورکەوتنەوە لە بەها نێگەتیڤەکان کە زیان بە تاک و کۆمەڵگا دەگەیەنن

4.توێژینە وە کە ی ئێستا گرنگی یەکەی ڕاوێژکاری دە روونی و پە روە ردە یی لە پە روە ردە کردنی قوتابیان دووپات دە کاتە وە لە مەترسی پیسبوونی دەروونی کۆمەڵایەتی.

**3.5.پێشنیازەکان:** ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە بوارەجیاوازەکان وەك:

١. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لە بنیاتنانی پرۆگرامێکی ڕێنمایی پیسبوونی دەروونی کۆمەڵایەتی
لەناوەندەکانی خوێندندا.

2. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لە بنیاتنانی پرۆگرامێکی ڕێنمایی پیسبوونی دەروونی کۆمەڵایەتی
بۆقۆناغی ئامادەیی.

**سەرچاوەکان:**

**سەرچاوەکان بەزمانی کوردی:**.

- محد ، حیدر.( ٢٠١١ ): **مامۆستای سەرکەوتوو لە کەسایەتی و کاری پیشەیی دا** ، چ1 ، چاپخانەی منارە ، هەولێر .

- قەرەچەتانی ، کەریم شەریف .( ٢٠٠٨ ). سایکۆلۆژیای پەروەردەیی ، چاپخانەی پەیوەندی سلێمانی.

**سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی:**

–مبارك، احمد (٢٠١٠): **التلوث النفسي وعالقته بأنماط المعاملة الوالدية لدى طلبة جامعة بغداد.** رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية الرياضية، جامعة بغداد.

الزغبى, نزار حمد (2018):**التلوث النفسى لدى خرجيى كليات الرتبية فى اجلامعات احلكومية واخلاصة العاطلني عن العمل**، مجملة كلية الربية للبنات، ج3.

حيدر , عبد الرضا طراد(2012):**فاعلية برنامج إرشادى فى خفض التلوث النفسي لدى طالب كلية الرتبية فى جامعة بابل**، جملة علوم الرتبية الرياضية،ع3، ج2.

محمود، إمام محمد بيومي (٢٠١٢): **سيكولوجية المراهقة والشباب في عصر العولمة** .**القاهرة**، دار النهضة العربية، .

_النواجحة ،زهيرعبد االحميد (2017): **التلوث النفسي لدى خريجي جامعات العاكلُين عن العملُ فى محافظة رفح** ، مجلة العلوم النفسية و الّتربوية ، جامعة القدس ، فلسطُين .

_الفر احين ، و سيما فرحاف علي ( 2020 ): **التلوث النفسي لدى عينة من الطلبة العرب من منطقة النقب الدراسين جامعات الفلسطينية و الاسرائيلية** ، رسالة ماجستَير ، جامعة الخليل ، فلسطُين.

اميره،امل كاظم(٢٠١٤):التلوث النفسي **وعلاقهبالتوافق الاجتماعى عندطلاب**، جامعهبغداد، مجلهالستاد,ع٢٢،م٣.

غانم،عبير(٢٠١٦):**فاعليه برنامج ارشاد لخفض التلوث النفسى لدى بعض المراهقين المتمردين نفسيا**، مجلة الدراسات التربوية والانسانية ـ كلية التربية ـ جامعة دمنهور ـ المجلد الثامن- العدد الرابع – الجزء الثالث.

**الزيادات،فاطمه محمود(٢٠١٩):فاعليه برنامج تدريبى قائم على دكاء الثقافى للخفض من التلوث النفسى لدى معلم قبل الخدمه**،كليه التربيه جامعهبدميط،المجله الترنيه،عدد٦٨.

ا لزعيبى ،نزار محمد(٢٠١٧):**التلوث النفسي لدى خريجي كليات التربية في الجامعات الحكومية والخاصة العاطلين عن العمل فيالاردن**،مجله كليه التربيه البنات ،جامعهبغداد،المجلد٢٩،ع٣.

**١٣.** عبدسلام،عبد المطليب جاد (٢٠٠٨):**صعوبات التعلم في الغتي العربيتي الأردن** ، دار الفكر للطباعتي و التوزيع.

عبد الاميري ,عبود الشمسى (2011):**التلوث النفسى لدى طلبة جامعة بغداد**، جملة ألستاذ، ع140 .